# خاتەمی لە نێوان دوو سەرکەوتندا، پێویستبوون بە ئاڵوگۆڕی سیاسی

**ئەنوەر حسێن**

پاش ئەوەی لە 22ی مایسی 1997دا بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ئێران چووە قۆناغێکی نوێیەوەو دوو باڵی میانڕەوو ڕاستڕەو گەورەترین کێبەرکێیان ئەنجامداو دواتر لە گەمەیەکی سیاسی چاوەڕوان نەکراودا، بەرەی بەناو ریفۆرمخوازو چاکسازی سەر بە (محەمەد خاتەمی) توانیان نزیکەی (20) ملیۆن دەنگ بە دەستبهێنن، کە بە ڕێژەیەکی جێی سەرنج دادەنرێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا !

گومانی تێدا نییە هەڵبژاردنەکانی مایسی 1997. یەکەمین هەڵبژاردن بوو لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979دا، کە گەلانی ئێران جۆرە خوێندنەوەیەکی تایبەتیان بۆ دەرئەنجامەکانی دەکردو پێیان وابوو کە باڵی ریفۆرمخوازی محەمەد خاتەمی دەتوانێت ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە هەیکەلی سیاسیو ئیداریو پایەکانی ئابوریو کۆمەڵگە پێکبهێنێت.

لە رووی سیاسیەوە، ئەگەرچی چەندین ئاڵوگۆڕ پێکهاتووە بە تایبەتی سەبارەت بە دەرەوەو کرانەوەی زیاتری ئێران بەرووی ئەورووپاداو خاوبوونەوەی تا رادەیەکی کەم لە دۆخی بەستەڵەك ئاسای نێوان واشنتۆنو تاران ئەگەر چی خاتەمی ئارەزوومەندە پەیوەندیەکان لەو شکڵو شێوەیە تێپەڕێنێت بەڵام لە هەوڵەکانیدا سەرکەتوو نەبووە. جا بە هۆی ڕێگریەکانی باڵی ڕاستڕەوە بێت یان تاونبارکردنی بە لادان لە بەهاو پیرۆزیەکانی شۆڕش.

لە رووی ئابووریەوە، لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنەکان، بەڵام پێناچێت داهاتی گشتی نەتەوەیی داهاتی ساڵانەی تاکەکەس لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا بە بەراورد لەگەڵ پێشتر هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیبێت.

ئەوەی کە دەکرێت ئاماژەی بۆ بکرێت، لەرووی فەرهەنگی و رۆشنبیرییەوە. چەندین هەوڵ دراوە بۆ خولقادنی فەزای دیموکراسیو ئازادیو چاپەمەنی ئازاد. بەڵام زۆربەی هەوڵەکان کەوتونەتە بەر هەڕەشەی باڵی ڕاستڕەوو نەیانتوانیوە درێژە بە کارو دەرچوونیان بدەن. بەڵام ئەوە یەکەمجاریشە کە رەخنە لە دەسەڵاتە گەندەڵییەکانی دەگیرێتو رەخنە لە قەتڵە زنجیریەکان دەگیرێتو پەردە لەسەر ئەو قەتڵو کوشتارانە هەڵدەدرێتەوەو داوای مافی ئازادیو راگەیاندن بۆ نووسەران لە وڵاتدا دەکرێت.

هەرچی چۆنێك بێت لە خولی حەوتەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە وڵاتدا. بەرەی دووی خورداد توانیان بۆ یەکەمجار لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، پێکهاتەیەکی بنەڕەتی لەو هاوکێشە سیاسیە جێگردا پێکبهێنن کە بۆماوەی حەفدە ساڵ بە بیرێکی دۆگماو تیڕوانینێکی مەزهەبی ئایینیایانەو پیرۆزی بۆ چەمکی شۆرش کە وڵاتی خستبووە پەراوێزەوەو درێژەیان بە حوکمی تاکرەوی خۆیان دەدا. وەکو دواتریش دەرکەوت کە ئەنجوومەنی شورای (ئیسلامی بە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، توانیان سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنن.

سەبارەت بە (خاتەمی)یش، ئەگەر چی ئەمجارەش خۆی کاندید کردووە وەکو نوێنەری باڵی میانڕەو لە بەرامبەر پاڵێوراوانی باڵی موحافیزکار وەك عەلی فەلاحیان. بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین خاتەمی کەسێکی سیاسی و ریفۆرمخوازی کراوەیە، دەیەوێت وڵاتی ئێران بەرەوکرانەوەو پێشکەوتنی بەرچاوو دۆستایەتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بەرێتو لەو گۆشەگیریە رزگار بکات کە پاش شۆڕشی ئێران بەسەریدا هاتووە چەمکە دوگماییەکان بە پێی هەلومەرجی سیاسی ئێران هەڵوەشێنێتەوە. لە جێگای ئەڵتەرناتیڤی واقیعیو گونجاو پراکتیزە بکات، کە لەلایەك خزمەت بە گەلانی ئێران بکات و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ وڵاتە دراوسێو نێو دەوڵەتیەکانو سیستەمی نوێی جیهان بگونجێت.

سەبارەت بە خولی هەشتەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیو دووەمین خولی هەڵبژاردنەوەی خاتەمی بە سەرۆك. ئەگەر چی هاوکێشەیەکی سیاسی چاوەڕوان کراوە یان ئەو دوالیزمە سیاسیە چاوەڕوان کراوەیە، کە نێگەتیڤانە بە زەرەری باڵی ڕاستڕەو پارێزگار کۆتایی دێتو گورزێکی کوشندەیە بۆ باڵی ڕاستڕەو ئەوەندەی تر پێگەو نفوزی سیاسیو جەماوەرییان کەم دەکاتەوەو لە کورسی دەسەڵات دووریان دەخاتەوە.

ئەگەرچی پێدەچێت خاتەمی نەتوانێت هەمان دەنگی خولی یەکەم بەدەست بهێنێت، ئەوەش بە لە دەستدانی جەماوەرێکی زۆر، بەهۆی بێ بەڵێنی سەبارەت بە جێبەجێکردنی بەرنامە تەرح کراوەکانیو خۆ دزینەوە لە زۆریاز و شکست خواردن لەبەردەم زۆریاندا.

ئەگەر چی خاتەمیو خودادیەکان توانیان لە کودەتایەکی سپی دیموکراسیانەدا، سەرکەوتن بە دەست بهێننو سەرکەوتنێکی تری 2001 تۆمار بکەن، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هێشتا رابەری روحی کە (عەلی خامنەنی‌یە)) دەسەڵاتی یەکەمەو لایەنگری باڵی ڕاستڕەو پارێزگاریلە چەمكو بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی دەکاتو ئامادەنییە ئەو چاکسازییانەی خاتەمی بە ناوی ریفۆرمەوە خستونیە گەڕ، هەزم بکات، بۆیە خاتەمی یان وەکو چوار ساڵی رابردوو دەمێنێتەوە بەبێ ئاڵوگۆڕی جدی لەکایەی سیاسیو دەسەڵاتدا، یان لە نیوەی دەسەڵاتدا ناچار دەکرێت دەست لەکار بکشێتەوە یان حاڵەتی سێیەم هەیە، بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بەرنامە سیاسیە کە خاتەمی بە ئامانجی دەداتو لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییدا، نەیتوانی پراکتیزەی بکات!

# ئەمریکا کورسیەکەی لە لیژنەی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی لە دەست دەدات

**نەجمەدین حەمەسەعید**

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کورسیەکەی لە بەڕێوەبردنی لیژنەی نێو دەوڵەتی مافی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەست دەدات، لەو لیژنەیەی کە بەرپرسە لە لێکۆڵینەوە لە پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە شوێنە جیاکانی جیهاندا.

لە ساڵی 1947و بەدواوە کە لیژنەی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی دروست بووە لە 53 ئەندام، ئەمە یەکەمجارە ئەمریکا ئەندام نەبێت لەو لیژنەیەدا.

راپۆرتەکان لە بارەگای لیژنەکە لە ژنێف وای دەگەیەنن کە ئەنجامی دەنگدانەکە چاوەڕوان نەکراوبوو لەکاتێکدا نوێنەرانی فەرەنسا و سویدو نەمسا هەرسێ کورسە تایبەتەکەی وڵاتانی رۆژئاوایان لە لیژنەکەدا بردەوە، وڵاتە یەکگرتووەکەکانی ئەمریکا بەدوا پلە دێت لە نێوان ئەو چوار وڵاتەی پێشبڕکیان دەکرد لەسەر ئەو سێ کورسییەو 53 دەوڵەت لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئابووری- کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریان کردووە لەو لیژنەیەدا کە ئەرکی هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی مافی مرۆڤ دەگرێتە ئەستۆ، لە کرداری دەنگداندا تەنها یەك دەوڵەت ئامادە نەبووە، فەرەنسا بە 52 دەنگو نەمسا بە 41 دەنگو سوید بە 32 دەنگ دەرچوونو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆتایی لیستەکەدا تەنها 29 دەنگی بێ هیوای هێناوە.

جەوانا ویشلەری نوێنەری ئەمریکا لە دەزگای هەواڵی (رۆیتەرز) رایگەیاند کە زۆر لە وڵاتان هەست بە بێزاری دەکەن لە ئاست دۆسیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاز دەربارەی کێشەکانی وەك مینی زەمین هەوڵ نەدان بۆ دابین کردنی پرۆژە ئابووریەکانی چارەسەری نەخۆشی ئایدز ئەمریکا هەمیشە بە بەردەوام دۆسیەکانی مافی مرۆڤی وڵاتانی ترەوە خەریك بووە وەك دۆسیەی چینو کوبا، کە ئەوەش بووەتە هۆی کەمکردنەوە لە راست و دروستی لەو بارەیەوە.

دیبلۆماسییەکی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو بارەیەوە رایگەیاند کە ئەو دەرئەنجامە لە ناکاوو کتوپڕ دادەنرێت لە چاو سیاسەتی (قوڵبادانی بەرامبەر)دا کە ئەمریکا لەم کاتانەدا پەیڕەوی دەکات.

ئەمریکا بێ هیوایی بەرامبەر دەرئەنجامەکانی دەنگدان دەربڕی، بەڵام جیمس کوننجهامی هەڵسورێنەری کاری نوێنەرانی بارەگای ئەورووپی نەتەوەیەکگرتووەکان هەر لێداونێکی رەتکردەوە دەربارەی هۆکارەکانی هەڵنەبژاردنەوەی نوێنەری ئەمریکا لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ. بەڵام وتی ئەم ئەنجامە کارناکاتە سەر وا بەستەیی وڵاتەکەی بە بابەتەکانی مافیمرۆڤە لەناوەوەو دەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

# مردنو سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی شیوعییەت لە رۆژی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا

**ئەحمەد رەجەب**

لای کەس شاراوە نییە ئیمپریالیزمو هێزە کۆنەپەرستەکان سیاسەتی ئاگرو ئاسنو داپلۆسین، سیاسەتی دوژمنکارانە دژ بە گەلان جێ بەجێ دەکەنو هەوڵ دەدەن ئەو گەلانە بخەنە بن ئەنگڵی خۆیان، بە مەبەستی داگیرکردنی وڵاتەکانیانو بردنی خێرو سامانی ئەو وڵاتانە بە مفتو خۆڕایی. هەر ئەو جۆرە کردەوە دێزانە دەبنە چاوگەی شەڕو کێشەو ناکۆکی لە جیهاندا.

لای خەڵکی دنیا روونو ئاشکرایە ئیمپریالیزم لە درێژە پێدانی جەنگی دووەمی جیهانی هەوڵی داوە لە چەند قۆڵێکی ترەوە هێرشو پەلامار بدات، ئەوە بوو هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیاو ژاپۆن لەژێر دروشمی "بەربەرەکانی شیوعییەت" بلۆکێکی عەسکەری دوژمنکارانە پێك دەهێننو هێرش دەکەنە سەر یەکێتی سۆڤیەت. خەونەکەیان هاتە دیو لە ساڵی 1941 دا هێرشیان کردو شەڕێکی دڕندانەیان بەسەر گەلانی وڵاتی سۆڤێت سەپاند.

شەڕەکە (60) وڵاتی گرتەوەو (110) ملیۆن کەس تیایدا بەشدار بوو، لە ئەنجامدا (50) ملیۆن کەس ژیانیان لە دەستداو، بەپێی بەڵگەنامەکانی یەکێتی سۆڤێت زیاتر لە (25) ملیۆن لەو ژمارەیە خەڵکی وڵاتی سۆڤێت بوونو ئەو وڵاتانەش زەرەرو زیانی گەورەیان بەرکەوت: یوگسلاڤیا، بولگاریا، پۆڵەندا، چیكو سلۆڤاك. شایانی باسە ئەڵمانییەکانی دژ بە فاشیزم "ئەنتی فاشیزم" زەرەرو زیانێکی گەورەیان بەرکەوت.

ئەو جەنگە لە یەکێتی سۆڤێت ناونرا جەنگی "نیشتمانی گەورە" چونکە ئەو جەنگە گەورەترین جەنگی عەسکەرییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بەرەی جەنگ زۆر درێژ بوو لە دەریای بارینتسەوە تا دەریای رەشی گرتبووەو، 8 تا 12 ملیۆن کەس لە شەڕی ئەم قۆڵەدا بەشدار بوون بە هاوکاری 5 تا 20 هەزار تانكو زرێپۆشو 150 تا 300 هەزار تۆپو کاتیوشا، 7 تا 19 هەزار فڕۆکە.

گەلانو نەتەوەکانی وڵاتی سۆڤێت بە تایبەت کرێکارانو زەحمەتکێشان شێرانە هاتنە مەیدانو، لە هێڵەکانی دواوەی بەرەی جەنگ دژ بە دوژمن خۆیان رێکخستو یەکێتییەکی بێ وێنەیان ئەنجام دا لە پێناو سەرکەوتندا.

لە ماوەی (4) ساڵی جەنگدا هێزەکانی سوپای سوور بە هاوکاری گەلو نەتەوەکانی وڵاتی سۆڤێت توانیان (607) لیوای عەسکەری لەناو بەرنو، نازییەکانی ئەڵمانیا تەنها لە بەرەی رۆژهەڵات حەوت ملیۆنو نیو سەربازیان تیاچوو، لەگەڵ دەیان هەزار تانكو فڕۆکەو، سوپای ئەڵمانیا هەڵهاتو، خۆی نەگرتەوە تا بەرلین، لەوێدا رایخی ئەڵمانیا، رایخی سێیەم واتە "پەرلەمانی ئەڵمانیا" کەوتە دەست سوپای سووری سۆڤێت.

کارەساتو تراژیدیای ئەو شەڕە چەپەڵە هەموو خێزانێکی لە یەکێتی سۆڤێت گرتەوە بە هۆی شەهید کردنی رۆڵەکانیان یان زەرەرو زیان لە ماڵو سامانیان.

هەموو ساڵێك لە رۆژی (9)ی ئایار لە سەرانسەری رووسیاو، وڵاتەکانی تری سۆڤێتی جاران بە بۆنەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا ئاهەنگ ساز دەکرێت بە تایبەت لە شارە قارەمانەکان هەر لەسەر دەریای باڵتیك تا ئۆقیانوسی ئارام، بۆ نموونە لە مۆسکۆ، لینینگراد، کالینینگراد، روستۆڤ، سامارا، ستالینگراد، یکاترینبورگ، فلادیفاستوك، سڤاستەبول.

لە رۆژی چوارشەممە 2001/5/9 بەو بۆنە پیرۆزەوە حزبی شیوعی لە رووسیا بە هاوکاری هێزە چەپەکان، لە یادی (56) ساڵەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا لە مەیدانی بیلوروسکایا گەورەترین میتینگیان سازداو، ئەم هێزانە بەشدار بوون: حزبی شیوعی رووسیا، بزوتنەوەی پشتگیری سوپا، بزوتنەوەی رووسیای کارگەر "حزبێکی شیوعین سەر بە ئەنپیلوڤە"، یەکێتی ئەفسەرەکانی سۆڤێت لەگەڵ چەند رێکخراوەو کۆمەڵەو کەسایەتی تر. پاشان ئەو هێزانە پێکەوە رێپێوانو خۆپیشاندانیان ئەنجامدا تا گەیشتنە مەیدانی لوبیانسکایا، لەوێدا گینادی زیوگانۆڤ سەرکردەی حزبی شیوعی لە رووسیادا وتارێکی خوێندەوەو تیایدا رەخنەی توندو تیژی لە ئەمریکا گرتو وتی: لە ساڵی 1941 دا هیتلەرییەکانی ئەڵمانیاو، فاشستەکانی ئیتاڵیاو عەسکەرتاریەتی ژاپۆن لە پێناو رزگارکردنی سیستەمی سەرمایەداری گوایە لە ترسی بۆلشەڤیكو شیوعییەت شەڕێکی وێرانکارییان دروست کرد، ئەوە بوو پاش (4) ساڵ لە 5/9/ 1945 هێزەکانی ئیمپریالیزم تووشی شکست بوونو، بە دۆڕاویو شەرمەزاری بۆ مۆڵگەکانی خۆیان گەڕانەوە. ئەمڕۆ سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بۆش دەیەوێت شەڕ بنێتەوە. ئەمریکا بە ئاشکرا نیازی وایە لە پەیمانی ئەی. بی. ئێم (ABM) کە لە ساڵی 1972 دا ئیمزا کراوە خۆی بکێشێتەوە! جۆرج بۆش بەو کردەوەیە هەرچی پەیمانو رێکەوتننامە هەیە پێشێل دەکاتو نیازی وایە سیستەمی باڵی موشەکی دابنێتو، بەو کارەش ئاسوودەییو ئاسایشو هێمنی جیهان دەخاتە مەترسییەوە.

پاشان حزبەکانو جەماوەر لەژێر دروشمی "دژایەتی نەخشەکانی ئەمریکا لە دانانی سیستەمی نوێو جەنگی ئەستێرەکان ریسوا بکەن" بەرەو مەیدانی تیاترالنەیا (Teatralnaya) کەوتنە رێو زیاتر لە (26) هەزار کەس لای پەیکەرەکەی کارل مارکس کۆبوونەوە. لەوێش وتارێکی زۆر خوێنرایەوە یەکێك وتی: لەم رۆژەدا پێویستە بڵێین: کێ بوون ئەوانەی خێزانو کەسو کارو دنیایان لە نەخۆشییەکی سەخت، لە دەردێکی کوشندەی رەش، لە "تاعوون" رزگار کرد؟ سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا دەروازەیەکی نوێی بۆ مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازی هێنایە دی، ئەو سەرکەوتنە مەزنە بووە کۆڵەکەی دۆستایەتیو برایەتی لە نێوان گەلانو نەتەوەکانی یەکێتی سۆڤێتو هەموو دنیا.

جەنەراڵ ئەندرێ نیکۆلایڤ وتی: ئەمریکا لەگەڵ ناتۆ نیازیان وایە شەڕ دروست بکەن. ئەمریکا دەیەوێت لە رێی دانانی باڵی موشەکی دەست بەسەر جیهاندا بگرێتو، بۆیە رووی کردووەتە بەهێزکردنی ستراتیژیو ناتۆش دەیەوێت زیاتر بەرەو رۆژهەڵات پێ بنێتو شەقاو بهاوێژێت.

شایانی باسە هەموو ساڵێك بەم بۆنەیەوە لە کریملن رێو رەسمێکی شکۆدار بەرێوە دەبرێتو ئەو کەسانەی ناونیشانی "پاڵەوانی یەکێتی سۆڤێت" یان هەیە بەشدار دەبن، چ لە رووسیا یان وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران لەگەڵ کەسایەتی ناوداری جیهان.

ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆکی رووسیا بەم بۆنەیەوە نامەی نارد بۆ سەرۆکەکانی وڵاتانی سۆڤێتی جارانو تیادا وتی:

بە هاوکاریو هاوبەشی سوپاو گەلانو نەتەوەکانی یەکێتی شۆڕەوی سەرکەوتن هاتەدیو، پێویستە هەموومان تێکۆشانو قوربانی باوباپیرانمان لە بیر نەکەینو ئێمە باجێکی گەورەمان داوە بۆیە بەرهەمێکی شیرینمان وەدەست هێناوە، ژمارەیەکی زۆر خۆیان لە پێناو ئازادیو سەربەخۆیی نیشتمان بەخت کرد، من لەم کاتەدا پیرۆزباییتان لێ دەکەمو هەروا پیرۆزبایی لە دانیشتوانی وڵاتەکانتان دەکەمو داوا کارم ناوی (9)ی ئایار لە بیر نەکەن، چونکە رۆژێکی پرشنگدارە لە مێژووی وڵاتەکەمان، لە مێژووی یەکێتی سۆڤێت. (9)ی ئایار تەنها رۆژێکی پرشنگدارو پیرۆز (مقدس) نییە لە بیلۆگرافیای نیشتمان، بەڵکو دەستکەوتێکی بێ گەردی کۆمەڵایەتییە. وانەی سەرەکی ئەم سەرکەوتنە مەزنە بۆ هەمووان خۆی لە خاڵێکی گرنگ دەبینێتەوە، ئەویش یەکێتیو یەکگرتنی هێزو توانامانە بۆ پاراستنی هاوڵاتیو نیشتمان. بەداخەوە تەوژمێکی سیاسی لەناو کۆمەڵگا بەدی دەکرێتو نیازی وایە کە رابوردوومان لە کاتی سۆڤێت لە بیر بکەینو لە مێشکمان بیسڕینەوە، بەڵام ئەو رابوردووە گەشەدارە بەرهەمی تێکۆشانێکی سەختەو قەت لە بیر ناچێتەوەو ئەوەتا بە ئاشکرا لە زۆر شوێنی تایبەت لە ئەورووپا بزوتنەوە فاشیو نازییەکان سەر هەڵدەدەن.

هەر بەم بۆنەیەوە لە هەموو وڵاتەکانی سۆڤێت بایەخو گرنگی دراوە بە سەرکەوتن بەسەر فاشیزمداو، هەر وڵاتێك بە جۆرێکی گونجاو ئاهەنگی گێڕاوە.

سەرچاوە:

- کراسنایا زفیزدا
- ئوترا گازیتا
- پراڤدا
- کوریسپوندنیت نێت

# هێشتا بینینی بیل کلینتۆن نرخی گرانە

**ئارام بۆگدی / نەرویج**

بە گشتی میللەتانی ئەورووپاو بە تایبەتیش میللەتی نەرویج پەیوەستی سیاسەتو کەلتوورو نەریتەکانی ئەمریکانو هەرشتێ لەوێ بێتە کایەوە ئەمان با نرخێکی باش دەیکرن. فیلمەکانی هۆلیود بازاڕی لێرە لە هەموو جیهان گەرمترەو لەم دوورە جوگرافیایەشەوە دەکرێ بڵێین وەك ویلایەتێکی ئەوێ سەیریان بکرێ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەیشتنی سەرمایەداری لە نەرویجو بەهێز بوونی لایەنە راستڕەوەکانو کۆنترۆڵکردنی گەلی نەرویج لە لایەن سەرمایەداریو پێشێل کردنی مافی کرێکاران بە تایبەت لە زیاد کردنی زێدەبایی بانکەکانو گرانی خانووبەرەو هەموو پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکی کە بوونەتە دێوەزمەی سەرشانی رۆژانەی خەڵکی بێ دەرامەت. ململانێ لە نێوان بەشێکی کۆمەڵگادا کە نەدەتوانێ پێگەی خۆی بچەسپێنێو نەدەشتوانێ رایەکی یەکگرتوو بێنێتە دی لە پێناو سەقامگیرکردنی یەکسانیمرۆڤدا.

ململانێو کێشەکان زۆرن دەکرێ لە دەرفەتێ چەندین تۆژینەوەو ئەنالیزەکردنی کۆمەڵگای ئێرە بکرێن بە دێر جامەی دەیان کتێب. ئەوەی لوبی باسەکەیە هاتنی سێیەم جاری بیل کلنتۆنە بۆ وڵاتی نەرویج کە یەکەمجار بە قوتابیەتی هاتووە دووەم جاریش پێش ساڵو شتێ بە سەرۆکایەتی ئەمریکاو ئێستاش بە داوەتو لەسەر داخوازی سەرۆكو دۆستەکانی لە نەرویج بانگێش کراوە ئەویش بۆ ئەوەی کلینتۆن دوای رێزگرتنی لە لایەن دەسەڵاتدارانی نەرویجو رابواردنی چەند رۆژەی ئەو سەرۆکە (پۆپیلارد) بەناوبانگەی کە زیاتر لە سایەی مۆنیکا لوینسکی ناوبانگی دەرکردو بووە وێردی سەر زمانی میدیای جیهان، ئێستا لە شاری ئۆسلۆ لە هۆڵی (کۆنسێرت هوس) سمینارێکی بۆ رێك دەخرێ بۆ ئەوەی باسی چۆنیەتی بوونە سەرۆكو سەرکردایەتی خەڵك بکا واتە سمینارەکەی لەسەر رۆشنایی چۆنیەتی (چۆن دەتوانی ببیت بە سەرکردەو خاوەن دەسەڵات)؟! نرخی چوونە ژوورەوە بۆ لای سەرۆکی پێشووی USA، 8 هەزار کرۆنی نەرویجیە نزیکەی 900 دۆلاری ئەمریکیو لێرە بەپێی دەنگو باسەکانو میدیای نەرویج زیاتر لە 4 ملیۆن کرۆن نزیکەی نیو ملیۆن دۆلار نرخی ئەو سمینارەیە کە زۆربەی ئەوانەی کارێکی وا دەکەن، داهاتی کارەکەیان بۆ منالانی برسیو رەشو رووتی جیهان دەنێرن بەڵام بیل تا ئەمڕۆش هیچ شتێکی لەسەر ئەو داهاتە نەدرکاندووە کە رەنگە وڵاتانی تریش بگرێتەوەو بگاتە ملیۆنەها دۆلارو دەشکرێ ئاماژەی پێ بکەین کە کلینتۆن جگە لەوەی ماوەی دوو قۆناغ سەرۆکی ئەمریکا بووەو بوجەی باشیان هەبووە لە هەمان کاتدا لەسەر مەسەلەکەی مۆنیکا ملیۆنەها دۆلاریان دەستکەوتووە لەگەڵ هیلاریو چێلیسیا کچی کە بەشێك لە میدیا دەڵێن رەنگە ئەم باسە تەنیا دروست کراو بووبێ بۆ بەرهەم هێنانی پارەیەکی زۆر بۆ فامیلی کلینتۆن چونکە لە دوای هەڵبژاردنی میدیای ئەمریکی رایگەیاند کە کلینتۆن ئەو کاتەی پارێزگاری ئەرکنساس بووە (14) هەزار دۆلاری (سکات) زەریبە لەسەرماوەو لە کاتی خۆی نەداوە. جگە لەوە لە کاتی هاتنی بە سەرۆکایەتی بۆ نەرویج منالێکی کۆچبەری چیچانی نامەیەکی دابووە کلینتۆن سەبارەت بەو کارەساتەی کە بەسەر گەلی چیچان هاتووە لەگەڵ وێنەیەکی دەستکردی منالەکە خۆیو ئەو منالە لە شەڕی چیچان لەگەڵ خێزانەکەی پەنای بۆ ئێرە هێناوە. یوسفی دە ساڵە ئەمساڵیش پێشوازی لە کلینتۆن کردو بە نیگایەکی تر هەزاران وێنەی کارەساتەکانیگەلەکەی بە سەرۆکی پێشووی گەورەترین دەسەڵاتی جیهان لە شاشەی هەستە ناسکەکەیەوە بەخشییە کەنالەکانی راگەیاندن!

پرسەکە لێرە دایە، دەبێ ئەگەر منالە کوردێکیش ئەوەی بکردایە ئەوها گرنگی پێ بدرایە!! ئایا نامە پڕ لە کارەساتەکانی ئێمە دەخوێندرێنەوە یان دەبنە پەراوێزی رووداوەکانی گەلانی ژێر دەستەی سەدەی رابوردوو کە تاکە مەزنترین گەل گەلی کوردستانە هەنگاومان نایە سەدەی بیستو یەكو چارەنووسمان نادیارەو خەون بە هەموو رەهەندەکانی وەرچەرخانی مێژووەوە دەبینین!؟.